# هۆمۆفۆبیا

## ناکۆک بە عەقڵ و مۆراڵ

**ماردین ئیبراهیم**



٨ی کانونی یەکەم ٢٠٢٢ وتار

گوتارەکان کە زاڵ دەبن، جا هەر گوتارێک بێت، کولتووری، سیاسی، ئاینی، یان تەنانەت هونەری و ئیستاتیکیش، زاڵبوونەکەیان مەرج نییە وابەستەی ڕەوابوونەکەیان بێت، بۆ ئەوەی لایەنی کەمی ڕەوابوونیان هەبێت، دەبێت ڕێگە خۆش بکرێت و زەمینەسازی بکرێت بەوەی گوتارە دژەکانیان خۆیان نمایش بکەن. لە سەردەمی نوێدا بۆ ئەوەی گوتارێک ڕەوایەتی وەربگرێت دەبێت لە

فەزای گشـــتیدا دیبەیتی لەســـەر کرابێت، بە فیلتەری ئەرگومێنت و وتووێژی عەقڵانیی هاوسەنگ و دادپەروەرانەدا ڕۆیشتبێت کە هەموو لایەنەکان بۆچوون و ئەرگومێنت و دژەئەرگومێنتەکانیان لەناو دەرفەتێکی یەکساندا خستبێتە ڕوو. گوتاری هێترۆسـێکسـوالیتی- مەیلی سـێکسـوالیتی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر- کە هەزاران ســـاڵە زاڵ بووە، زاڵبوونەکەی مانیفێســـتی جۆرێکی دیاریکراوە لە پەیوەندییەکانی هێز و دەســـەڵات، بۆیە زاڵبوونەکەی هەرگیز مانای ئەوە نییە هێترۆسێکسواڵیتی ڕەسەن و راستە و هۆمۆسێکسوالیتی و بایۆسێکسوالیتی ناڕەســـەن و هەڵە و یان بە زمانی هەندێک بە حیســـاب خوێندەوار 'لەگەڵ سروشت و فیترەتی مرۆڤ ناکۆکە'. ئەوەی کە سالآنێکی زۆر پیاو زاڵ بووە و نۆرم و بەهاکانی دیاری کردووە ڕەنگدانەوەی جۆرێک لە پەیوەندیی هێز و دەسەڵات بووە نەک شتێکی سروشتی، ئەوەی کە مرۆڤی سپی خۆرئاوایی لە هــەڵمــەتی کۆلۆنیــالیــدا وڵات و میلــەتــانی تری کۆلۆنیزە کردووە و چەوســـاندوونییەتەوە پەیوەندی بە هێز و دەســـەڵاتەوە هەبووە نەک هۆکاری خوێن و ڕەگەز، بۆیە کاتێک فێمینیزم تەحەدای دەســـەڵاتی ســـەپاو و ناڕەوای پیاو دەکات بێگومان کەســـانێکی زۆر هەســـت بە مەترســـی لەدەســـتچوونی دەســـەڵاتەکە دەکەن، چەندان بیانوو و قســـەی تیۆری دادەتاشـــن تاکوو ئەو تەحەدایە بێنرخ بکەن، کاتێک کۆلۆنیالیزەکراو ڕادەپەڕێت و دەڵێت کۆلۆنیالیزم ڕەوا نییە، خۆ کۆلۆنیالیســـتەکە یەکســـەر ناڵێت ڕاســـت دەکەیت، بێگومان دێت دنیایەک تیۆریی ســـیاســـی و بایۆلۆجی و کۆمەڵناســـیت بۆ ڕیز دەکات تاکوو ڕەوایەتی بەو پرۆسێســـە بدات. سـەبارەت بە هێترۆسـێکسـوالیتیش هەر وایە. کاتێک هۆشـــیاری بە ماف و ناســـنامەی گروپەکانی ئێل جی بی تی کیو خۆی نمایش دەکات، هەزاران هۆمۆفۆب ڕاســـت دەبنەوە و قســـە دەهێنن و دەبەن، باسـی فیترەت و سـروشـتی مرۆڤ دەکەن، ئاین و نەریت و یاسـا دەخەنە کار، چونکە نایانەوێت لەو قۆزاخە نەریتییە دەربچن، لە ڕاســـتیدا نایانەوێت و بەرهەڵستی سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەو پەیوەندییەی هێز و دەسەڵات دەکەن کە هێترۆسێکسواڵەکانی زاڵ کردووە و ئەوانی تری بێدەنگ کردووە.

*****

ساڵی دوو هەزار و چواردە "مۆرتین تیلدەم"ی دەرهێنەری سینەمایی فیلمێکی دروست کرد کە باسی ژیانی "ئالەن تێرین"ی دەکرد. ئالەن کە لە جەنگی جیهانیی دووەمدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە سەرکەوتنی بەریتانیادا لە جەنگ و کۆدی پەیامەکانی سوپای نازیی ئەڵمانی بۆ سوپای بەریتانیا کەشف دەکرد. ئالەن تێرین ماتماتیکزان و زانای کۆمپیوتەر بوو، ئەو زانستەی کۆمپیوتەر کە ئێمە ئێستا دەیزانین و ئەو سیستمی ئەلگۆریسمەی بەکاری دەهێنین بەشێکی زۆری قەرزاری توانا و لێهاتوویی ئالەن تێرینە. بەڵام ئالەن تێرین مەیلی هاوڕەگەزخووازی هەبوو، لە ژێر جەبری کولتووری هۆمۆفۆبیا و جیاوازیی قبوڵنەکەری ئەوکاتی بەریتانیدا خۆی کوشت. فیلمەکە، 'گەمەی کۆپیکردن" گێڕانەوەی ئیعتیبار و شکۆ بوو بۆ تێرین و پێزانین و ڕێز بوو بۆ کارەکانی، هەروەها داوای لێبوردنێکیش بوو بۆ ئەو زوڵمەی لێی کرا.

بەریتانییەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا لە شاری بریستۆڵ پەیکەری "ئێدوارد کۆڵستن"یان خست و فڕێیاندایە خوارەوە و خستیانە ژێر پێ. ئێدوارد کۆڵستن پیاوێک بووە، لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدە و سەرەتای سەدەی هەژدەدا ژیاوە، بازرگانی کۆیلە بووە و بە کارە خێرخوازییەکانی ناسراوە. ڕووخاندنی پەیکەرەکەی و لابردنی؛ وەرگرتنەوەی ئیعتیبارێک بوو لە پیاوێک کە شایانی نەبوو، با کاری خێرخوازیشی کردبێت، بەڵام ئەو بازرگانی کۆیلە بووە، هەروەها داوای لێبوردنێکیش بوو لە کۆیلەکان و لە قوربانییەکان.

*****

شارستانێتی خۆرئاوا ئێستا لەسەر ڕێگەیەکی ڕاستە کە هەڵەکانی پێشووی خۆی ڕاست دەکاتەوە. ئۆباما پێشوازی لە "ئێلێن دیگێنێرس"ی ئەکتەر و کۆمیدیاکار دەکات، شاژنی بەریتانیا پلەی 'سێر' دەبەخشێت بە "ئێلتن جۆنز"ی گۆرانیبێژ، لە کاتێکدا ئەو دوو ناوە بە ئاشکرا هۆمۆسێکسوەڵن.

*****

بابەتی جێندەر بابەتێکی ئاڵۆزە، تازەیە، لە زانکۆکانی دنیا هەزاران توێژەر خەریکی توێژینەوەن دەربارەی، بوارێکە تێیدا زانست و بەتایبەت زانستی بایۆلۆژی و سایکۆلۆژی، فەلسەفە و سیاسەت و توێژینەوە کولتوورییەکان

یەکتر دەبڕن و بەشـــداری لە دیبەیتەکانیدا دەکەن، هۆمۆســـێکســـوالیتی و تێگەیشتن لە ناسین و پێناسەکردن و زانینی ناسنامەی سێکسوالیتی بەشێکی ئەو بوارەیە، ئەوانەی هەموو بابەتی جێندەر لە هۆمۆســـێکســـوالیتیدا کورت دەکەنەوە بە ئەنقەست وا دەکەن، پاڵنەرەکەشیان ئەجێندایەکی دواکەوتووانەی کولتوورپەرســـتییە و لە بنەمادا پاڵنەرەکەیان دژایەتی مافەکانی مرۆڤە، بەڵام پـەنـا بۆ نـاشـــیرینترین فۆرمی دەربڕین و ڕیتۆریکێکی بـەربـەریـانـە و تیرمینۆلۆجییەک دەبەن بۆ پاســاودانی هێرشـــەکەیان کە هەمان تیرمینۆلۆجی فەقێی گوندێکە. ئەوەی کە مەیلی ســێکســوالی جیاواز لە مەیلی باو، جیاواز لە هێترۆسێکسوالیتی لە ئەوروپا و بەشێک لە وڵاتانی تردا قبوڵ دەکرێت و دانی پێدا دەنرێت بابەتێکی هەڕەمەکی نییە بەڵکوو دنیایەک زانســـت و توێژینەوە و کتێب و بەشـی گرنگی زانکۆی گرنگ ڕاســتییەکەی دەســەلمێنن و بیرمەندان لە فەزای گشــتیدا دیبەتییان لەســەر کردووە و هەزاران نووســەر و چالاکوان لە سەدەی نۆزدەوە خەباتیان بۆ کردووە پاشان دانی پێدا نراوە و بە یاسا ڕێگەی پێدراوە و هەر بە یاساش ڕێگە لەوە گیراوە سووکایەتییان پێ بکرێت و هەموو جۆرە هەڵاواردنێک لەسەر ئەو بنەمای سێکسوالیتی یاساخ بکرێت.

*****

هیچ ئامارێکمان لەبەر دەســـتدا نییە تاکوو ڕێژەی هۆمۆســـێکســـوەڵ و بایسێکسوەڵەکان لە کوردستان بزانین، ڕێژەکە هیچ گرنگ نییە چونکە بابەتەکە پەیوەندی بە مافەوە هەیە، لە کوردســتاندا هاوڕەگەزخوازی نەبۆتە گوتارێک و کەســانێک یان گرووپێک بە ئاشـکرا خۆیان وەکوو هاوڕەگەزخواز پێناســە بکەن و بەرگری لە ناســـنامەی جێندەری و ســـێکســـواڵ ئۆرێنتەیشـــنی- مەیلی ســـێکســـوالیتی- خۆیان بکەن، بەڵام بە گوێرەی ئەوەی هەموو مەلاکانی کوردستان، هەموو بانگخوازەکان، هەموو ئیلیتی دواکەوتوو و لە دنیا بەجێماو، هەموو فەریکە ڕۆشـــنبیری نیمچەخوێندەوار شـــەڕێکی گەورە و دڕندانەیان دژیان ڕاگەیاندووە، پێدەچێت بابەتێک بێت پێویست بێت قسەی لێ بکرێت. هەر بە ڕاســتیش پرســیارێکی گرنگی فەلســەفی و ســایکۆ-کۆمەڵایەتییە ئایا چۆنە هێشــتا گرووپێکمان نییە بە ئاشــکرا ڕایگەیاندبێت کە مەیلە ســێکســییەکەیان لە دەرەوەی مەیلی ســێکســوالیتی باوە، ئاوا ئەو هەموو دوژمنە ســەنگەریان لێ

گرتووە؟ ئەو هەموو دوژمنە کە پڕچەکن بە زمانێکی بڕندە کە گوزارشـــتە لە مێنتاڵیتییەکی دڕندە، پڕچەکن بە ڕیتۆریک و زاراوەســـازییەکی توندوتیژ و ڕووخێنەر و وێرانکەر کە گوزارشــتە لە عەقڵییەتێکی کێوی و هەمەجی، چەکی ئاینییان پێیە، چەکی یاســایان پێیە، چەکی گوتاری کولتووری زاڵی کۆمەڵگایان پێیە، دنیایەک نوکتە و پلار و لەیبڵی وەحشــــیانەیان پێیە، بەو هەموو چەکەوە هێشـتا تەنگەنەفەسـن و هەسـت دەکەن لەژێر گوشـار و هێرشـدان.  ڕەنگە لە قووڵایی بونیاندا، لە چینەکانی ژێرەوەی ناخودئاگایاندا هەســتێک هەبێت بزانن کە تەنیا یەک شتیان پێ نییە ئەویش ڕەوایەتییە، ئەویش عەدالەتە.

(ئێل جی بی تی کیو) دیاردەیەک نییە بڵاو ببێتەوە، مۆدێلی قژچاککردن و شـێوازی جلوبەرگ نییە بە ڕیکلام و مارکێتینگ زیاد بکات، بەڵکوو فۆرمێکە لە بوونی مرۆیی کە هەمیشــــە هەبووە، نەک هەر بوونی مرۆیی بەڵکوو بوونی ئاژەڵیش، لە کتێبی پیرۆز (بەیبڵ) باس کراوە،  لە دیالۆگەکانی ئەفلاتوندا باس کراوە، ئەوەی تازەیە هۆشــــیارییە بەرامبەر مافەکانیان، وەکوو چۆن ژن هەر هەبووە بەڵام داننان بە مافەکانیان و هۆشــــیاری دەربارەی بوونی مرۆیی و سیاسییان تازەیە و بەرئەنجامی فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاوایە و دواتر وەکوو ڕۆشــنایییەک بە جیهانی تاریکدا بڵاو بۆتەوە. بەڵام گریمان دوو هەزار ســاڵ پێش ئێســـتا ئەو دیاردەیە نەبووە و ئێســـتا هەیە؟ نابێت؟ بەلای منەوە دەبێت چونکە من بڕوام بە ناســـنامەی شـــل و نەرم هەیە و هیچ جۆرە بڕوایەکم بە فیترەت و ناســـنامەی جێگیر و نەگۆڕ و هەتاهەتایی نییە بە خودی ناســنامەی ســێکســوالیتی و ڕەگەزی و جێندەریشــەوە، دەکرێت مرۆڤ و کۆمەڵگاکان لە دوو هەزار ســاڵی ڕابردوودا لەژێر کاریگەریی ژینگە و ســیســتمی خۆراک و دەرمان بەناو پرۆسـەیەکی ئێڤیولیشـنی هێواشـدا ڕۆیشـتبن و زۆر گۆڕانکاریی فیزیۆلۆجیان دروست کردبێت لە مرۆڤدا.

*****

ئەو شـین و فوغانە چییە بەوەی خێزانەکانتان هەڵدەوەشـێتەوە، کۆمەڵگاکەتان وێران دەبێت؟ ئاینەکەتان لە بەین دەچێت و دنیا دوژمنتانە؟ خێزانەکانتان لەسەر لم بنیادنراوە؟ لەسەر وەهم و دوڕوویی؟ لەسەر ستەمکاریی کولتووری و ناهاوســەنگی جێندەری بنیادنراوە؟ با هەڵوەشــێتەوە. دڵنیابە کەس دوژمنت

نییە، کەس نایەوێت کۆمەڵگاکەت وێران بکات، کەس حەسودی بە کولتوور و ئاینەکەت نابات، ئەوەی کۆمەڵگاکەت وا لێ دەکات هەتاهەتایە لە قوڕی نەزانی و پاشکەوتووییدا بچەقێت هەر خۆتیت کە سەرت کردووە بەناو لمی نەفامیدا و وا دەزانیت دنیا پاشەڵت نابینێت، ئەوەی دوژمنتە ئەو بیرکردنەوە شێواوەتە کە ئینکاری ڕاستییەکانی کۆمەڵگای خۆت دەکەیت. پێت وایە کە هەندێک ناووناتۆرەت ڕیز کرد و کە گوتت هۆمۆسێکسوالیتی یان ئێل جی بی تی کیو لەگەڵ کولتووری ئێمە ناگونجێت یەکسەر کێشەکەت چارەسەر کردووە؟ دەمودەست دیاردەکە نامێنێت؟ ئاوا مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەیت کە لەناو گروپی (ئێل جی بی تی کیو)دا پۆلێن کراون؟ ئینکاری بوونیان دەکەیت؟ لێم بوویتە ئەحمەدی نەژاد؟ بە نوکتە و دەستەواژە قێزەونەکانت کاراکتەریان دەسڕیتەوە؟ ئاوا سووک و ئاسان خۆت دەخەیتە سەنگەری ئەو کەسانەوە کە ئۆسکار وایڵدیان زیندانی کرد؟ پشتی ئەو کەسانە دەگریت کە ئالەن تێرینیان ناچار کرد خۆی بکوژێت؟ ئەو هەڵوێستەت جیاوازی چییە لەگەڵ هەڵوێستی ئەوانەی بازرگانیان بە کۆیلەکانەوە کرد؟ تۆ پشتی کۆیلەدارەکان دەگریت دژی ئەو کەسانەی کراونەتە کۆیلە؟ ئەو هەڵوێستەت جیاوازی چییە لەگەڵ ئەنتیسمیتیزم؟ دەچیتە پشت نازییەکان دژی جوولەکەکان؟ ڕەوایەتی دەدەیت بە کوشتنی ئان فرانکەکان؟ کەواتە ئەگەر تۆ لە ئەفەریقای باشوور بژیایتایە بەرگریت لە سیستمی ئاپارتاید دەکرد؟ دژی ماندێلا دەبوویت و هەلهەلەت بۆ ڕەگەزپەرستی لێ دەدا؟ دەزانیت هۆمۆفۆبیا جۆرێکە لە ڕەگەزپەرستی؟ دەزانم خۆت ئامادە کردووە بڵێیت ئینجا کەسێک خۆی هۆمۆ نەبێت بۆ بەرگری لە هۆمۆکان دەکات؟ بێباکم لە تۆمەتەکانت، بەڵام هەر ئەوە پێودانگە ئەخلاقییەکانتە؟ دەزانیت ئەوە نزمترین جۆری پێوەری داوەریکردنی مۆڕاڵییە؟ دەزانیت وەک ئەوە وایە سووکایەتی بە ئیسماعیل بێشکچی بکەیت چونکە کورد نییە و هەموو ساڵانی گەنجی خۆی لە زینداندا لەپێناو بەرگریکردن لە کورد تەرخان دەکات؟ دەزانیت ئەوە وەک ئەوە وایە بە چاوی نزم سەیری "کازم سەماوی"ی شاعیر بکەیت؟ هەر بە جدی کازم سەماوی دەناسیت؟ دەزانیت خەڵکی سەماوە بوو و لە دەرەوەی وڵاتەکەی مرد و وەسیەتی کرد لە کوردستان بنێژرێت؟ دەزانیت گۆڕەکەی لە سلێمانییە؟ پێت وایە هەر گروپە

و تەنیا دەبێت بەرگری لە خۆی بکات؟ ئەوە ئەو جیهانەیە کە تۆ خەونی پێوە دەبینیت؟

*****

مافی یەکسانی لەنێوان مرۆڤەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامەی ئیتنی و ئاینی و ڕەگەز و باوەڕ و باکگراوندی کولتووری و کۆمەڵایەتی پاشانیش ئێستا لە خۆرئاوا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامەی سێکسوالیتییان؛ بەهایەکی ڕۆشنگەرانەیە، منداڵی فەلسەفەی ڕۆشنگەریی خۆرئاوایە و وەکو بەهایەکی گەردوونی خۆی سەلماندووە و کۆمەڵگاکانی تر وەریان گرتووە و بووە بە بەهای یونیڤێرساڵ، بەڵام خۆ هەر وا بە ئاسانی بڵاو نەبۆتەوە، لەناو خودی خۆرئاوادا چەندان کەس و ڕەوت و تەوژم دژی بوون و لەمپەریان بۆ دروست کردووە و بەرەنگاری بوونەتەوە و تاکوو بووە بە نۆرمێکی زاڵ چەندان قوربانی بۆ دراوە و چەندان فەیلەسووف و ڕۆشنبیر و بیرمەند و کەس و گروپ ملی خۆیان لەپێناویدا لە چەقۆ سویەوە.

*****

ئازادی پرۆژەیەکی تەواونەکراوە، بەردەوام تازە دەبێتەوە و فراوان دەبێت، ئەو پرۆژەیە لە چەند دەیەی ڕابردوودا جووڵەیەکی پڕواتای کردووە کە مافی مرۆڤ بە ئەندازەیەک فراوان بکرێت کە مافەکانی گروپی پەلکەزێڕینەش بگرێتەوە، ئەو بازدانەی خۆرئاوا نیشانەی زیندوویی و گرنگی ئەو شارستانێتییەیە، بەڵام تۆ کە بەهۆی جیهانبینییە تەنگ و مێنتالیتییە تاریکەکەت، بەهۆی تێڕوانینە کەموکورتەکەت بۆ ئازادی، بەهۆی بڕوانەبوونت بە مافەکانی مرۆڤ، لەوە تێناگەیت، یان تێدەگەیت و خۆت کەسێکی هۆمۆفۆبیت، ڕەگەزپەرست و دەغەزاریت، دیسان دەمەوێت بیرت بهێنمەوە؛ دەزانیت هۆمۆفۆبیا ڕەگێکی دەچێتەوە سەر ڕەگەزپەرستی؟ دەزانیت هۆمۆفۆبیا جۆرێکە لە هەڵاواردنی ئینسان؟ ڕۆشنبیرییە تەسک و تاریکەکەت بایی ئەوە هەیە لەو شتە تێبگەیت؟ دەزانیت ناسنامەی سێکسوالیتی ناسنامەیەکی فرەڕەنگە؟ دەزانیت دنیا هەر لە هێترۆسێکسواڵەکان پێک نەهاتووە؟ دەزانیت هۆمۆسێکسوەڵ و بایسێکسوەڵیش هەن و مرۆڤن و چالاکن و پرۆفیسۆری زانکۆن و زانان و دەچن بۆ سەر مانگ و ئەدەبی گرنگ بەرهەم دێنن و

هونەرمەندی بەهرەمەندن و بەرگریکاری مافەکانی مرۆڤن و تەنانەت ئینسانی ئاینی پلەدارن؟ سەرۆکی دەوڵەتن؟ تۆش هەلپەرستانە و بەسوودوەرگرتن لە گۆمی لیخنی هۆشیاریی کۆمەڵگاکەت پەنا بۆ زمان و ڕەوانبێژییەک دەبەیت کە پڕە لە توندوتیژیی ڕەمزی تاکوو ئەو گروپەی پێ بکەیت بە شەیتان و زەمینە بۆ قەلاچۆکردنیان خۆش بکەیت، یان ناوێریت، بەڵێ ترسنۆکیت ناوێریت بەرگرییان لێ بکەیت، چونکە دەترسیت پێت بڵێن هۆمۆ، چونکە هیچ پرۆژەیەکی ئایندەییت نییە بۆ کۆمەڵگاکەت، دەترسیت خەڵکی فلان شارەدێ و فیسار گەڕەک لێت زیز ببن و ئیتر پێت نەڵێن ئەدیب و ڕۆشنبیری گەورە. ئەگەر سیاسەتکاران و ئیلیتی سیاسی بە هەر هۆیەک بێت، هۆی سیاسی و بەرژەوەندخوازانە بێت، هۆکاری پراگماتیکی بێت، هۆمۆفۆبیا بێت، ناوێرن دەنگهەڵبڕن بەرامبەر ئەو هۆڤیبوونە، بەرامبەر ئەو زمان و زاراوەسازییە کێوییە، ئەوا تۆی ڕۆشنبیر لە چی دەترسیت؟ تۆ بڕیار نەبوو دەنگی حەقیقەت بیت؟ بڕیار نەبوو بەرگری لەو گروپانە بکەیت کە هەڕەشە و مەترسییان لەسەرە؟ بڕیار نەبوو سنگی خۆت بکەیتە قەڵغان بۆ ئەو دەستە و کۆمەڵە خەڵک و کەسانەی دەکەونە بەر هێرش و پەلامار؟ بۆچی گرتن و زیندانیکردنی فلان ڕۆژنامەنووس و فیسار ئەکتیڤیستی سیاسی دەکەیتە ڕۆژەڤ؟ دەزانم زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووس و ئەکتیڤیستی سیاسی بابەتێکی گرنگە شیاوی باس و سەرنج و نووسین و بایەخپێدانە، بەڵام تۆ بە چی پێوەرێک مافەکان دەپێویت؟ مافێکی سیاسی گرنگترە بۆت لە مافێکی مەدەنی؟ مافی ڕۆژنامەنووسێک گرنگترە لە مافی هاوڕەگەزخوازێک؟ پێت وایە ناتبینم؟ پێت وایە ئاگام لێ نییە کە سەدر و هێزە وەحشییەکەی سەت گەنجی ئیمۆیان ڕەشەکوژی کرد تۆ قسەت نەکرد؟ گەنجەکەی دهۆک براکەی کوشتی تۆ موویەکی سەرت نەبزوا؟ ئاسایشی سلێمانی وەکوو جەڵەب کۆمەڵێک گەنجی لە سەرچنار پێش خۆی دا و خستنییە زیندانەوە تۆ ئەوەت وەکوو پێشێلکردن و پایەماڵکردنی ماف نەبینی، نەک هەر ئەوە؛ بگرە چەند ئەندام پەرلەمانێکی تازە و کۆنە؛ خاڵی لە هەموو شەرافەتمەندی و شکۆیەک دەستخۆشیان لە ئاسایش کرد. بە جدی ئاوا بەرگری لە ماف و ئازادی دەکەیت؟ ئەوە ڕوانینەکەتە بۆ دادپەروەری؟ ئینجا کە هەموو کۆمەڵگا گروپی ئێڵ جی بی تی کیوی پەسەند کرد ئەو کاتە بەرگریی تۆی بۆ چییە؟ خۆت ئامادە کردووە ئەو

کاتە بێیتە سـەر حازری؟ خۆت ئامادە کردووە ئەو کاتە بڵێی ئەوانیش مرۆڤن، مافیان هەیە؟

*****

دیهیومانیزەکرن یاخود لەمرۆڤخستن میکانیزمێکی ترسناکە گوتارێکی زاڵ لە سەردەمێکی دیاریکراودا دەیکات تاکوو کوشتن و لەناوبردنی گروپێک ئاسان بێت. لە دیراساتی پۆستکۆلۆنیالدا ئەو تێرمە ناسراوە. بۆ ئەوەی ڕەشەکان بە ئاسانی بە کۆیلە بکرێن، بکڕدرێن و بفرۆشرێن و ئینجا ئەگەر پێویست بوو بکوژرێن، یەکەمجار لە پرۆسێسێکی هێواشدا کە بە زمان و ئەدەب و هونەر و نوکتە و ئاین و کۆمەڵێک نۆرمی کولتووریدا دەڕوات سووک و بێبەها دەکرێن، هەموو خەسڵەتێکی مرۆڤبوونیان لێ وەردەگیرێتەوە، بۆ ئەوەی ئاشـوێتز و هۆلۆکۆست ڕوو بدات زمان و ئەدەب و کڵێسا و فیکری ئەڵمانی زەمینەسازی دەکات و ڕێگەکە ئاسان دەکات، بۆیە کاتێک کارەساتەکە ڕوو دەدات، خودی کردەی لەناوبردنەکە ڕوو دەدات؛ شۆک دروست ناکات، چونکە ئەوەی کوژراوە مرۆڤێکی ڕەش نییە، بەڵکوو ڕەشێکە، مرۆڤێکی جوولەکە نییە، بەڵکوو جوولەکەیەکە، مرۆڤێک نییە بەڵکوو شتێکە کە پێشتر لەمرۆڤبوون خراوە، داماڵراوە، کەوڵ کراوە، بۆیە کوشتنەکەی، لەناوبردنەکەی هیچ هەستێکی بەرپرسیارێتی و عەزابی ویژدان لای بکوژەکان دروست ناکات، چونکە کاراکتەرەکە پێشتر لەناو زمان و ڕیتۆریک و نوکتە و تەوس و پلارەکاندا ناسنامەی مرۆڤبوونەکەی لێ وەرگیراوەتەوە.

گرووپی ئێل جی بی تی کیو لە ئێستای کوردستاندا هۆمۆساکەرەکانی کوردن، ئازادیخووازترین مرۆڤی کورد خۆی لە بەرگریلێکردنیان دەبوێرێت. ڕۆژانە ئەو هەموو قسە بێسەروبەرەی لە سەریان دەکرێت، ئەو هەموو لافاوە لە قسەی نازانستی و نامۆڕاڵی، ئەو هەموو نووسەرە فلتەفلتکەر و چالاکوانە چەنەباز و ڕووقایمانە بە ئارەزووی خۆیان و بە عەقڵی هۆمۆفۆبی خۆیان تیۆرەیان بۆ دادەتاشن و مۆریان لێ دەدەن و وشە و جنێوی تازەیان لەسەر بەرهەم دێنن، بەڵام (ئێل جی بی تی کیو)وەکان خۆیان ونن، زمانیان لێ سەنراوەتەوە، هەر لە بنەڕەتدا زمانیان نەدراوەتێ، مافی قسەکردنیان نییە، لەناو فەزای گشتیدا تیرۆر کراون، جەنگێکە هێرش بەرەکان دیارن، مەلا و

بانگخواز و نووســەری دواکەوتوو و چالاکوانی خۆبەشـتزانی هیچ لەبارانەبوو، ئاین و کلتور و ســـیاســـەت و نەریت و ئەدەب و هونەر و نوکتە و هەموو ئەوانەن، بەڵام هێرشـــبۆکراوەکان دیار نین، چونکە هەڵمەتەکە بۆ ئەوەیە دیار نەبن.